www.kurdistannet.org
21-11-2007 19:05بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

مژدە مژدە بۆ ئەوانەی عەرەب بەبرا گەورە ئەزانن و گوێ ڕایەڵی داواکاریەکانیانن وا ئاڵای بەعس گەرایەوە بۆ کوردوستان؟... باوکی هەڵۆ گەرمیانی

29-گەڵاڕێزان-2707ك

زۆر زۆر سەرسام بووم بەونوسینەی کەلە ((ئاوێنە)) بەرچاوم کەوت وام ئەزانی چاوم ڕێشکەو پێشکە ئەکات خێرا چاویلکە پزیشکی یەکم کردە چاوم بۆئەوەی نەوك بەپێچەوانەوە لەنوسینەکە تێ بگەم وبۆ کوردوستان یانی بگێرمەوە، بەڵام کە بەوردی سەیرم کرد نوسرابووووو

ئالای عێراق لەهەولێر هەڵدەکرێت

وابڕیارە لەکاتی سازدانی کۆنگرەی پەرلەمانانی عەرەبدا لەهەولێر حکومەتی هەرێم کۆتایی بەهەڵنەدانی ئالای عێراق بهێنێتو سەرلەنوێ ئالاکە لەهەولێرو دهۆك بشەکێتەوە؟؟؟؟؟

بەڵام پاش تۆزێ کەدل خۆشی خۆم دایەوە، ووتم بۆ دل گران بین چی روو ئەدات یا رووناداتلەکوردوستان دا خۆ کوردوستان کۆیلەیەکە وخراوەتە ناو بێشکەیەکەوە هەردوو سەری دەست رازەکە وابەدەستی هەردوو پارتی سەرەکی لەکوردوستان دا ئیتر چۆن ئەو کۆیلە بێ باوك و برا و کەس و کارە ڕائەژێنن با ڕای ژێنن تا زنجیری دەستو پێی و ئەو تالە دەزوەی دمی باوك ودایك و خوشك وبراو کەس و کاری ئەپچڕێن و هاوار ئەکەن و ڕاپەڕینێکی سەرلەنوێ لوکوردوستان سەر هەل ئەداتەوە بەڵام ئەم جارەیان ڕاپەرینی کوردوستانیان بەبێ چەك تەنها وتەنها بەخۆپێشان دان و هەلگرتنی ئالای کوردوستان وەدووربێ لە کاری چەکداری چونکە کوردوستانیان ڕاپەرین ئەکەن پێویستیان بە جاش وموستەشارو خۆفرۆشان و فایل دارەکان نیە کە بێ چەك ناتوانن بژین هەر لەبەر ئەوەشە لە هەرکوێ دەهول لێ بدەن ئەوان لەوێ سەرچۆپی ئەگرن ئیتر گوێ نادەنە ئەوەی خاوەن زەماوەند کێ بێ ئەوان لەبەر خۆش گوزەرانی بۆخۆیان گۆێ نادەن بەوەی ئاغایان کێ بێ؟ هەر بەو هۆیەوەیە کە ئەوە 17 ساڵە کوردوستان ئازادەو بە تەواویش ئەوە 4 ساڵە دەهۆلی دیموکراتی و فیدرالی و یەك ئیدارەیی لێ ئەدرێ و پەرلەمانی کوردوستان زوو زوو کۆبوونەوەئەکات بۆ بەرژەوەندی هەردو پارتی سەرەکی و ئەوانەی لەگەلیانا هاو پەیمانن وە ئەوەی لەم 17 ساڵەی رابوردودا دل خۆش بوو بۆ سەرجەم کوردوستانیان لە هەر بستە زەویەکی گۆی ئەم جیهانە کە کوردوستانی لێ بێ ئەوەبووکە ئالای بەعسی فاشست لە کوردوستان رسوا کرا وەبوو بە دل گرانی هەموو دوژمنانی کورد؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟

وەئیستاش لەم کاتەی کە کورد بۆتە کۆیلەیەك بەدەست ئەمەریکا و عەرەب و هەموو ولاتانی ناو چەکەو جیهان ئەوەی ئەیانەوێ بەکوردی ئەکەن یاخود بەئارەزووی خۆیان بریار ئەدەن و کوردیش ئەکەنە دار دەست بۆ جێ بەجێ کردنی وەك

1- ئەوەی چارەنوسی کەرکوکیان خستە ناو دەستوری عێراقی عروبەوە وەك ئەوەی کە کەرکوك هەر لە دروست بونیەوە شارێکی عەرەبی بووبێ؟؟ وەکورد لەو شارە میوان بووبێ و بۆ کار ڕووی لەکەرکەك کردبێ؟؟

2- دواخستنی لەسێدارەدانی سێ تاوانبارەکەی ئەنفال وە بێ دەنگی هاوپەیمانی کوردوستان و پەرلەمانی کوردوستان و پشت گیری کردن لەیەکێ لە هەرە تاوان باری ئەنفال (سولتان هاشم) لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە کە کوردبێ؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
21-11-2007 19:05بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

زۆر زۆر خالی تر ماون ئاماژەیان پێ بدەم بەڵام ئەم دوو خالە لەهەموویان گرنگ تره لەکۆتای دا ئەڵێم ((داگرتنی ئەوئالایە تان لەچی و هەل گر تنەوەی تنان لەچی)) ئەو بریارە تاکە بریاربوو بۆ کوردوستانیان ئەویش وا خەریکە زیندە بەچال ئەکرێ؟؟ ئەی ئەوانەی لەهەول دان دان بۆ نەمانی کوردوستان و لەسڕینەوەی کەلتورو دەنگی دلێران مێژووی کوردو جوغرافیای کوردی کار ئەکەن و کوردوستانیان بە دوژمنیان ئەزانن ئەوانە هەموو یان دۆستن لەبەر چاوی لێپرسراوانی کوردو کوردوستان؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.